# بزووتنەوەی خوێندکاران پێویستی بە پلاتفۆرمی چەپو ڕێکخراوێکی رادیکال هەیە

ڕێبوار ئەحمەد

دەورەیەکی تازە لە جولانەوەی خویندکاریو جموجۆشیکی نوێ لە ناو زانکۆو خویندنگاکاندا دەستی پێکردوە. لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا زانکۆکانی سلیمانیو هەولیر بوونە مەیدانی نارەزایەتی فراوانی خویندکاران دژی قاچاغچیتی دەسەلاتدارانی قازانجپەرست بە زانستو خویندنەوە. ئەم نارەزایەتیە تا ئیستاش بە گەرمی بەردەوامەو سەرباری فریوکاریو سیاسەتی سەرکوتگەرانە لە دژیان، دەستیان لە راوەستاوی خۆیان هەلنەگرتووە. هەر لە چەند رۆژی رابردوودا زانکۆی بصرە بووە مەیدانی بەرامبەرکێی توندو فراوانی خویندکاران لەگەل کۆنەپەرستیو تیرۆریزمی ئیسلامیدا. ئەم رووداوە بە ناوی "شۆرشی خویندکارانی بصرە دژی ئیسلامی سیاسی" لە سەراسەری وولاتو تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا دەنگی دایەوە. خویندکاران بەریزی هەزاران کەسی راشکاوانە نەفرەتو بیزاری خۆیان لە ملهوریو کۆنەپەرستی ئەو تاقمە ئیسلامیانە دەربریوەو بۆ دەسکۆتاکردنیان جەسورانە هاتنەمەیدانەوەو توانیان مستیکی توند لە دەمی ئەم تاقمانە بدەنو پاشەکشەیەکی ئاشکرایان بەسەردا بسەپینن. تاقمی صدر ناچاربوون بە بەیانی رەسمی داوای لیبوردن بکەن بەرامبەر ئەو غەڵەتەی کردیانو چونە ژیرباری قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی خویندکارانو هەلوەشانەوەی دامەزراوە تیرۆریستیەکەیان بە ناوی (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر) لە نیو زانکۆدا. بۆ هاوپشتی لەگەل خویندکارانی بصرە جموجۆشیکی گەورە لە نیو زانکۆو خویندکارانی شارەکانی دیکەی عیراق سەریهەلداوە بە تایبەتی لە نیو زانکۆکانی بغداد.

بۆ سەرپەرشتیو رابەری کردنی ئەم جولانەوەیە لە هەندیك جیگا لیژنەی تایبەت لە نیو خویندکاران پیکهاتووە بە ناوی (لیژنەی کاری خویندکاران) بە تایبەتی لە بصرەو بغدادو تا ئیستا دەوریکی بەرچاوی گیراوە لە سازدانو پەرەپیدانی ئەم جولانەوەیە لە دەوری چەند خواستیکی دیاریکراو کە روویان لە دەسکۆتاکردنی تاقمە ئیسلامیەکانو دورخستنەوەی فەزای کۆنەپەرستیە لە زانکۆکان. وەکو کردنەدەرەوەی میلیشایی ئیسلامیو رموزە دینیەکان لە زانکۆ، ناساندنو دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەو هیرشەی کرایە سەر خونیدکارانی کۆلیژی ئەندازیاری لە بصرە، ریزگرتن لە ئازادیە فەردیو مەدەنیەکانی خویندکاران، کۆتایهینان بە زەختو زۆر دژی خویندکارانی کچ کە بە شیوەی جۆراوجۆر بەریوە دەبریت. ئەمانە بە بەیانو شیوەی جیاجیا راگەیەنراوە. لە زانکۆکانی هەولیرو سلیمانیش کە زۆرتر نارەزایەتیەکان لە دەوری وەستانەوە دژی قاچاغچیتی بە خویندنو زانکۆوە تەوەرەی بەستووە، دووبارە لەلایەن دەستە خویندکاریە پیشرەوەکانەوە رابەری دەکریت. لەم نیوە ئەو مەیلە جیگای سەرنجە کە بۆ بەهیزکردنی یەکیتیو هاوپشتی نیوان خویندکاران بەدەر لە ناسنامەی قەومیو تائیفیو دینی سەریهەلداوە. پەیامی خویندکارانی بصرەو بغداد بۆ خویندکارانی هەولیرو سلیمانی، نمونەیەکی دلخۆشکەرو کەم وینەیە لەم بارەیەوە.

**دەوری جولانەوەی خویندکاران**

لە هەر جیگایەکی دنیاو لە جەرگەی هەر ئالوگۆرو وەرچەخانیکدا، کاتیك جولانەوەی خویندکاری پیی نابیتەمەیدانەوە، دەوریکی گرنگو کاریگەری گیراوە بە تایبەتی لە بەهیزکردنی رەوتو و مەیلی پیشکەوتنخوازیو سکولاریزمو موتەمەدنانە لە نیو ئەم رووداوو ئالوگۆرانەدا. زانکۆو خویندنگاکان بەدەرلەوەی هەمیشە لەلایەن دەسەلاتو هیزە کۆنەپەرستەکانەوە زەختی زۆریان خراوەتە سەرو هەولدراوە چ بە سەرکوتو چ بە پەخشانەوەی خورافاتو کۆنەپەرستی، دەوری پیشرەوانەیان لەبارببریت، بەلام هەمیشە ناوەندی گرنگ بوون بۆ پیشکەوتنخوازی. خودی ئەوەی سەروکاریان لەگەل زانستو تەکنەلۆجیای سەردەم هەبووە، هەروەها وەکو ناوەندی گەورەی جیلی لاوانو ئاواتو ئارەزووە تازەو مودیرنەکانیان، زەمینەو بنەمایەکی گرنگ بووە بۆ گەشەی مەیلی چەپو سکولاریستیو موتەمەدنانە لە ناو زانکۆکاندا.

ئەگەر زۆر دور نەرۆین هەر لە چەند دەیەی رابردوودا، زانکۆکانی عیراقو بە گشتی تویژی خویندکاران میحوەریکی گرنگی نەشونماکردنی بیروباوەری چەپو کۆمۆنیستیو سکولاریستی بوون، لە داهینانو رەواجپیدانی دابونەریتی پیشکەوتوانەو مودیرنو هاوچەرخدا پیشرەو بوون، دەوری گرنگیان گیراوە لە وەستانەوە دژی سەرکوتگەری بەعسو بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی چەکداری زۆرەملیو بە بەعسی کردن. تەنانەت لەم بوارانەدا کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆمەلگا داناوە، هەر شاریك زانکۆی تیاکرابیتەوە بەخیرایی لە رووی دابونەریتو تەمەدونو ئەفکاری پیشکەوتوانەو دەرگا ئاوالاکردن بەرووی لە مال هاتنەدەری ژنانو کچان... کاریگەریو وزەی گەورەی لە زانکۆ وەرگرتوە بۆ تیپەراندنی نەریتە دواکەتوانەکان.

تویژی خویندکاران دەوریکی گەورەی بووە هەم لە هەلگرتنی ئەفکارو خواستی پیشرەوانەو پیشکەوتوانەو هەم لە پەرەپیدانو رەواجپیدانی ئەو ئەفکارە لە ئاستی کۆمەلگادا. ئاواتو ئارەزووی پیشکەتوانەو لاویتی خویندکاران بۆ کۆمەلگایەکی کراوەو ئازادو خۆشگوزەران، بە زۆری بزووتنەوەی ئەوانی لە هاوشانی بزووتنەوەی کریکاریو کۆمۆنیستی داناوە وەکو پیشرەوی کۆمەلگا بۆ گۆرینی دنیای ئیستاو کۆتوبەندە دیلهینەرەکانیو بەرپاکردنی دنیایەکی ئازاد. لە چەند سالی رابردوودا رژیمی بەعسو بزووتنەوە قەومییو دینیەکان بە جۆرەها زەختو زۆرو نەخشەو پلان توانیان تا رادەیەکی زۆر دەوری خویندکارانو زانکۆکانی عیراق بەرەو پەراویز بەرن. رژیمی بەعس بە زالکردنی فەزای پۆلیسیو سەرکوتی خویناویو میلیتاریزەکردنی خویندنگاکانو هاوکات بەریوەبردنی (حملەی ئیمانی)و بەکارخستنی دامو دەزگاکانیو تەرخان کردنی بودجەی زۆروزەبەن، بە تایبەت لە فەزای جەنگو هەژاریو بیدەرەتانی دەورانی حصاری ئابوریدا، توانی بۆ دەورەیەك ئەم بزووتنەوەیە خامۆشو پاشەکشە پی بکات.

بزووتنەوەی کوردایەتیش یەکەمجار لە سەرەتای هەشتاکاندا دەوریکی سەرەکی گیرا بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی خویندکارانی کوردستانو تەسلیم کردنی بە رژیمی فاشیستی بەعسو سیاسەتەکانی، بە تایبەتی سیاسەتی بەزۆر چەکدارکردن لە پیناو سازان لەگەل ئەم رژیمەو بە دەستهینانی ئیمتیازیك بۆ خۆی. لە دوای ئەو دەورانەشەوە بە مەبەستی دەستەمۆکردنی بزووتنەوەی خویندکاریو کردنی بە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی، زۆر بە بەرنامەوە کەوتە دژایەتی کردنی مەیلی چەپو پیشکەوتوانەی ناو بزووتنەوەی

خویندکاریو تەنانەت لەو جیگایەدا کە بۆی کرابیت سەرکوتی کردوەو چەندین نمونە لەم بارەیەوە هەیە. لە دوای راپەرینی ئازارەوە بزووتنەوەی کوردایەتی کەلکی لەو فەزایە وەرگرت کە تیایدا لەلایەن ئەمریکاو غەربەوە کرایە پاسەوانی کۆمەلگای ئاوارەی کوردستانو نانو ئاوی خەلکی ئاوارەی کوردستانی بە کۆنتەرات پیدرا. فەزای سەرگەردانی سیاسی کوردستانو دابرانی دەسەلاتی میلیشیایی حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان بەسەریدا، بەم جۆرەش پاشەوپاش گیرانەوەی کومەلگای کوردستانو بوژاندنەوەی دابو نەریتی عەشیرەتیو قەومپەرستیو هەروەها ئیسلامی لەژیرکاریگەری چەمانەوەی ئەم حیزبانە لە ئاست جمهوری ئیسلامیو پشتیوانی هەمەلایەنەیان لە باندە ئیسلامیەکانی سەربەم رژیمە، بزووتنەوەی خویندکاری بە تەواوی پاشەکشەی پیکراو تەنانەت فەزایەکی کۆنەپەرستانە بەسەر زانکۆو خویندنگاکاندا سەپینرا. لە دوو سالی دوای رووخانی رژیمی بەعسیشەوە تاقمە ئیسلامیەکانی عیراق سیاسەتیکی هەر بەم جۆرەیان لە ئاستی عیراقدا بەریوەبردووە.

ئەم جموجۆشانەی ئەم دواییە کە لە ناو زانکۆکانی عیراقو کوردستاندا سەری هەلداوە، دەکری سەرەتایەك بیت بۆ هاتنەوەمەیدانی سەر لە نوێی بزووتنەوەی خویندکاران لە ئاستیکی فراوانو سەراسەریدا، کە نە تەنها ئامرازی کارای دەستی خویندکاران بیت لە خەباتیاندا دژی ئەو کۆتوبەندو گوشارو بی مافیەی بەسەریاندا سەپینراوە، بەلکو سەنگەریکی بەهیزی سکولاریزمو چەپو پیشکەوتنخوازی بیت لە کۆمەلگادا، ببیتە بەشیکی گرنگ لە بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی بۆ رامالینی کۆنەپەرستیو کۆتاییهینان بە هەلومەرجی کارەساتباری ئیستاو بیناکردنی ئایندەیەکی درەخشان بۆ کۆمەلگا.

## پلاتفۆرمو ریکخراوی بزووتنەوەی خویندکاران

بەلام بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە بە دەوری خۆیەوە دەربکەویتو لە ئاستی دەستبەرکردنی خواستو ئامانجەکانی خویندکاراندا بیتو دەوری خۆی لەسەر ئایندەی کۆمەل بگیریت، پیویستی حەیاتی بەوە هەیە کە لە دەوری ریبازو پلاتفۆرمیکی پیشکەوتوانەو چەپو سکولاریستی ریکخراو بکریت. میژووی تا ئیستا نە تەنیا لە عیراقدا بەلکو لە ئاستی دنیادا ئەم راستیەی بە کردەوە سەلماندوە. خویندکارانو لاوان ئەو بەشەی کۆمەلگان کە لە هەمووان زیاتر ئارەزووی کۆمەلگایەکی کراوەو هاوچەرخ دەکەن، زۆرترین ئازارو ناسۆری بەدەست هەلاواردنو نایەکسانیەوە دەچیژن، دابو نەریتی دواکەوتوانە پیش هەموان لەگەل ئارەزوەکانی ئەواندا دەکەویتە ناکۆکیەوە، ژیانی لاویتیو دەستەبەربوونی پیداویستیەکانی خویندنو گوزەرانی رۆژانەی لاوان ئارەزوویەکی قولی لاوانە کە لەگەل خۆشگوزەرانی هەمواندا بە توندی گریی خواردووە.

ئەوانەی باسکران وەکو بنەمای ئارەزوو خواستەکانی لاوان، یان بە مانایەکی تر میحوری پلاتفۆرمی وەلامدەرەوە بە ئارەزووەکانی لاوان پیکدەهینن. بەلام سەرکوتو دژایەتی کردنی ئەم ئارەزووانە لە بنەرەتەوە لایەنیکی سەرەکی پلاتفۆرمی بزووتنەوە ئیسلامیەکان پیکدەهینیت، ئەوان هەموو ئارەزوەکانی لاوان حەرامو قاچاغ دەکەنو سزای توندی بۆ دەبڕنەوە. شادیو خۆشیو دابو نەریتی پیشکەوتوانەو تیکەلاوبوونی کچو کور بە تاوان دادەنینو بە شمشیر لەگەلی دەجەنگن. ناسیونالیزمیش بە تایبەتی لە

کۆمەڵگاکانی شەرق و لەسەردەمی هاوچەرخدا نیشانیداوە کە بزووتنەوەیەکی ئاویتە بە ئیسلامەو لە پشتی نەریت و ئەحکامە کۆنەپەرستانەکانی رادەوەستیت، لەسەر بناغەی قەومپەرستی و بە پیرۆز راگرتنی ناسنامەو فەرهەنگ و نەریتی میللی، باوەشینی کلتوری دواکەوتوانەی میللی و عەشیرەتگەری دەکات، لە پشتی ناموسپەرستی و هەڵاواردن رادەوەستیت، پشت دەکاتە سکولاریزم، دابینکردنی ژیانیکی شایستەو پیداویستیەکانی خوێندن دەکاتە قوربانی قازانجپەرستی سەرمایە. هەرچی دیموکراسی و لیبرالیزمە بەدەر لەوەی کە لە سەردەمی هاوچەرخدا پشتی کردوەتە ئەو خواست و ئامانجانەی کە پیشتر پێ ی دەناسرایەوە، بەڵام ئەم رەوتە لە عیراقدا هیچ زەمینەو نوینەرو بەدیلیکی جدی نیە، ئەوانەی لە ژیر ئەم ناوەدا خۆیان دەردەخەن ئەلگۆیەکی کارتۆنی و کاریکاتیرین لە دیموکراسی و لیبرالیزم و ناتوانن ببنە هیزی کاریگەرو جدی.

بەڵام بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیزم هەمیشە پراوپر هەڵگری ئەو خواستانە بوون کە ئاوات و ئارەزووەکانی لاوان دەستەبەر دەکات. خەبات لە پیناو بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی کراوەو هاوچەرخ و پیشکەوتوانەو شاد، خەبات لە پیناو ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و دابین کردنی یەکسانی نیوان ژنان و پیاوان و هەموو هاوڵاتیان، خەبات لە پیناو دابینکردنی بە خۆرایی پیداویستیەکانی خویندن و ژیانی خویندکاران، هەمیشە بەشیك بوون لە پلاتفۆرمی بزووتنەوەی کریکاری و چەپی کۆمەڵگا. لە سەردمی ئیستادا سکولاریزم و جیاکردنەوەی دین لە دەولەت و پەروەردەو فیرکردن بە تەواوی بووە بە ئەرکی کریکارو کۆمۆنیزم و سەرکەوتنی ئەم خواستە بە تەواوی بە بەهیزبوون و سەرکەوتنی کریکارو کۆمۆنیزمەوە گرێ ی خواردووە، لیدان لە هەموو شیوەکانی کۆنەپەرستی کە ئارەزوەکانی لاوان دەخنکینی بەشیکە لە پلاتفۆمی چەپ. بۆیە پیشرەوی بزووتنەوەی خویندکاران لە گرەوی ئەوەدایە وەکو بەشیك لە بزووتنەوەی چەپی کۆمەڵگا جیگا پەیدا بکات و لەگەل بزووتنەوەی کریکاری و سۆسیالیستی ئاویزان بیت. ئەمەش تەنها بە ریکخراویکی رادیکال و چەپ و سەربەخۆ لە دەولەت و ئەحزابی دەولەتی دەستەبەر دەبیت، ریکخراویك کە پاشکۆی دەولەت و ئەو حیزبانە نەبیت کە بریارە مافەکانی خویندکاران لە قورگیان دەربهینریت، ریکخراویك کە لەگەل هیچ جۆریك لە دواکەوتویی و هەڵاواردن و جوداسازی و دەستەبەندی کردنی خویندکاران و رەمزەکانیدا نەحەویتەوەو بۆ هەڵوەشاندنەوەیان خەبات بکات. ئەو ئارایشەی کە بۆ رابەری و ریکخستنی جولانەوەکانی ئیستای خویندکاران لە زانکۆکانی بصرەو بغدادو هەولیرو سلیمانی پیکهاتووە دەتوانی ناوکۆکەی پیکهینانی ئەم ریکخراوە بیت.

### خواستەکانی بزووتنەوەی خویندکاران

بزووتنەوەی خویندکاران دەبی بە رۆشنتین و رادیکالترین شیوە خواستەکان و بەرژەوەندیەکانی خویندکاران دیاریبکات و بە دەستەوەی بگریت. ئەو خواستانەی کە وەڵام بە ئاوات و ئارەزوەکانی خویندکاران دەدەنەوە. هەروەها لە هەر دەورەیەکداو لە هەناوی هەر ئالوگۆرو کیشمەکیشیکدا خواستی دروستی خویندکاران و بەرژەوەندیەکانیان بناسیتەوە. بۆ نمونە جیایی دین لە دەولەت و پەروەردەو فیکردن، ئازادی بێ قیدو شەرتی سیاسی و بیروباوەرو بەیان، یەکسانی مافی ژن و پیاوو قەدەغەی هەرجۆرە هەڵاواردن و جوداسازیەك

له نیوان کچان‌و کوران، دورخستنه‌وه‌ی هه‌موو دیارده‌یه‌کی چه‌کداری‌و ده‌خاله‌تی دامه‌زراوه دینیه‌کان، لابردنی زه‌خت‌و زۆری دام‌و ده‌زگا چه‌کداره‌کان له‌سه‌ر زانکۆکان‌و مه‌یدانه‌کانی خویندن، دابینکردنی هه‌موو پیداویستیه‌کانی خویندن‌و ژیانی خویندکاران له‌لایه‌ن ده‌وله‌ته‌وه... به‌شیکن له‌و خواسته گرنگ‌و سه‌ره‌کیانه‌ی که هه‌ل‌ومه‌رج‌و فه‌زای خویندن‌و خویندنگاکان له‌گه‌ل ئاره‌زوه‌کانی خویندکاران ئاویزان ده‌که‌ن. جولانه‌وه‌ی ئیستای خویندکاران نابێ له هیچ زانکۆو کۆلیجیکدا خواسته‌کانی خۆی ته‌نها به‌و گرفتانه‌وه به‌رته‌سك بکاته‌وه که ئه‌و زانکۆو کۆلیجه له‌گه‌لی به‌ره‌وروون، به‌لکو بۆ ئه‌وه‌ی بتوانی جولانه‌وه‌که‌ی سه‌راسه‌ری بکاته‌وه‌و خویندکارانی جیگاکانی دیکه‌ش بهینیته پشتی خۆی‌و گوشاریکی گه‌وره‌تر به‌گه‌ربخات، ده‌بێ خواسته‌کانی هه‌ر ناوه‌ندیك له خواسته هه‌مه‌گیره‌کانی خویندکاران هه‌لپیکیت. هه‌ر به‌وجۆره‌ی که خویندکارانی بصره په‌یامی پشتیوانیان بۆ خویندکارانی هه‌ولیرو سلیمانی نارد. به‌لام خالیکی لاوازی مانگرتنه‌کانی سلیمانی‌و هه‌ولیر له‌وه‌دایه که خواسته‌کانیان به‌رته‌سك کردووه‌ته‌وه به یه‌ك دوو کۆلیجه‌وه‌و ده‌ستیان بۆ ئه‌و خواستانه نه‌بردوه که کۆلیجه‌کانی دیکه‌و زانکۆکانی دیکه‌ش ده‌هینیته پشتی جولانه‌وه‌که‌یان.

## چه‌ند سه‌رنجیك سه‌باره‌ت به‌خواستی هه‌لوه‌شانه‌وه‌ی کۆلیجه ئه‌هلیه‌کان

ده‌ست بردنی حیزبه ده‌سه‌لاتداره‌کان‌و سه‌رکرده‌کانیان بۆ قاچاغچیتی به خویندن‌و زانکۆکانه‌وه له ریگای ئه‌و داهاته زۆره‌ی که به تالان بردویانه، ناوه‌رۆکی خواستی سه‌ره‌کی ئیستای جولانه‌وه‌ی خویندکارانی هه‌ولیرو سلیمانی پیکده‌هینیت. به‌لام حیزبه ده‌سه‌لاتداره‌کان‌و ده‌زگاکانی پشتی ئه‌م قاچاغچیتیه خه‌ریکن به‌وه پاساوی یاریکردن به پیوانه‌و به‌هاکانی خویندن‌و زانست ده‌ده‌ن، که گوایه ئه‌وان لایه‌نگری بازاری ئازادو مودیلی غه‌ربین‌و به‌مه‌ش گوشار ده‌خه‌نه سه‌ر خویندکاران که له به‌رامبه‌ر "بوژانه‌وه‌و کرانه‌وه"دا به‌رگری له کۆنه‌پاریزی ده‌که‌ن! له‌کاتیکدا ئه‌مه جگه له گالته‌جاری‌و فریوکاری هیچی تر نیه. مه‌سه‌له‌ی سه‌ره‌کی ئه‌وه نیه که زانکۆکان ده‌وله‌تی بن یان ئه‌هلی، به‌لکو دوو مه‌سه‌له سه‌ره‌کین.

یه‌که‌م/ زانکۆ زانکۆیه، ئه‌هلی بیت یان حکومی ده‌بێ به ته‌واوی پابه‌ندی ئه‌و پیوانه‌و به‌هاو یاسایانه بیت که بۆ فیرکردنی زانست‌و پرۆسه‌ی خویندن پیویستن. فرۆشتنی بروانامه‌ی خویندن به پول‌و پاره‌ی به تلانبراوی خه‌لکی کوردستان که زۆر راشکاوانه له‌لایه‌ن ئه‌و کۆلیجه ئه‌هلیانه‌وه به به‌رپرسانی ئه‌حزابی حاکم‌و خاوه‌ن سه‌رمایه‌کان بره‌وی په‌یداکردوه، له‌ژیرپینانی سه‌ره‌تاییترین پیوانه‌و به‌هاکانی خویندن‌و زانسته. به تایبه‌تی که ئه‌مه له‌گه‌ل زانسته ئینسانیه‌کانی وه‌کو پزیشکی ده‌که‌ن که راسته‌وخۆ به ژیانی هاولاتیان په‌یوه‌ست ده‌بیته‌وه. ئه‌مه به ئاشکرا قاچاغچیتیه به زانست‌و خویندن‌و دورو نزیك هیچ په‌یوه‌ندیه‌کی به بازاری ئازادو مودیلی غه‌ربیه‌وه نیه، به‌لکو مودیلی عه‌شایه‌ریه بۆ مامه‌له له‌گه‌ل زانست‌و زانکۆ. له غه‌ربیشدا نه‌ك هه‌ر له بواری زانست‌و خویندن به‌لکو له هه‌ر دامه‌زراوو کۆمپانیاو پرۆژه‌یه‌کی ئه‌هلیشدا، جا له هه‌ر بواریکدا بیت، دوو جار کاری نا یاسایی‌و پیچه‌وانه‌ی ئه‌و پیوانه‌یه بکریت که بۆی دیاریکراوه، دوچاری داخستن ده‌بیت. بۆیه ئه‌و کۆلیجانه‌ی ئه‌م گالته‌جاره‌یه‌یان به پیوانه‌کانی زانست‌و

خويندن كردوه، هيچ جۆره مەرجيكى زانۆكيان تيا نەماوەو دەبێ دابخرينو خاوەنەكانيشيان دادگايى بكرين.

دووەم/ كوليج ئەهلى بيت يان دەولەتى ئەوەى پيويستە لەسەر دەولەت، دابينكردنى پيداويستيەكانى خويندنو ژيانى خويندكارانە بە خۆرايى. دەبى ئستانداردیكى يەكسان دوور لە تواناى ئابورى خيزانەكان، بۆ دەستراگەيشتنى هەموو خويندكاران بە زانستو كۆليجەكان هەبيت. بروانامەى خويندن لە هيچ كوێى غەربو بازاڕى ئازاديشدا بە پول ناكردريت، بەلكو بە هەولدانو فيربون بە دەست دەهينريت. ئەگەر بريار بيت بەپێى موديلى غەربو بازارى ئازاديش كاربكريت دەبى ئەو كۆليجەى ئەم پيوانانەى پيشيلكردوە دابخريت. تەنانەت دواى لە ژيرپيينانى ئەم سەرەتاييترين پيوانانە بوارى چاكسازيشى بۆ نەماوەتەوە.